# وەزیرستان و دیکتاتۆرستان

## ئەمجەد شاکەلی

کۆماری چین، دانیشتووانی نێزیکەی یەک ملیار و نیوە. هیندوستان، یەک ملیار مرۆڤی لێ دەژی. ئەمەریکا، لە دووسەد میلیۆن مرۆڤی پتر تێدایە و کەڵەگا و دەمراست و کوێخای هەموو جیهانیشە. ڕووسیا، لە دووسەد میلیۆنیک پترە و خودانی چەکی ناوەکییشە. وڵاتانی وەک فرانسا و بریتانیا و ژاپۆن و ئەڵمانیا، هەموو زلهێز و دەوڵەمەندی ئەم جیهانەن. باشووری کوردستان بە تەواوی ئەو دەڤەرانەیشییەوە،کە هێشتا نەخراونەوە سەر کارگێڕییەکەی و گرێدراوی عیراقن، ژمارەی دانیشتووانی لە نێوان 5-6 میلیۆن مرۆڤدایە و دەسەڵاتدارانیشی، لە هەرێم و بەشێکی عیراق زیاتر، چ حیسابێکی بۆ ناکەن و نێوێکی دیکەیشی لێ نانێن و چی دیکەیشی پێ ڕەوا نابینن. هیچ حوکوومەتی یەکێک لەو وڵاتانە(چین، هیندوستان، ئەمەریکا، ڕووسیا، فرانسا، بریتانیا، ژاپۆن و ئەڵمانیا)، ژمارەی وەزیرەکانیان لە بیستوپێنج وەزیرێک تێناپەڕن، کەچی حوکوومەتەکەی باشووری کوردستان 42 وەزیری تێدایە. لە هیچ کونجێکی ئەم جیهانەدا، حوکوومەتی 42 وەزیری نییە و ڕەنگە ئەمەی کوردستان یەکەم دانە بێت. زۆریی وەزیر لە حوکوومەتی کوردستاندا، نیشانەی پێشکەوتن و کارڕاپەڕاندن نییە، بەڵکە تەنێ بۆ پڕکردنەوەی کورسی و ڕاگرتنی دڵی ئەم حیزب و ئەو گرۆ و ئەو خێڵ و ئەو دەستەیە. هەردوو زلحیزبی پارتیی و یەکیەتی 22 وەزارەتیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە،کە تەواوی ئەو وەزارەتانە دەگرنەوە، بڕێک لە وەزارەت دەچن و دەسەڵاتێکیان هەیە و کارێکیان پێ دەکرێت. دەمێنێتەوە 20 وەزارەتی خواروخێچ و بێ بەها و تەنێ ناو، ئەوانیش بە سەر ئەم حیزب و ئەو گرۆ و ئەو نەتەوە و ئەو دەستەدا بەشێنراونەوە. 13 لەو وەزارەتانە وەزارەتی هەرێمن، کە ڕێکوڕەوان فۆتۆکۆپی وەزارەتە دەولە(وزارةالدولة)کانی عیراقی سەردەمی سەددام حوسەینن. لە سەردەمی ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسەیندا، دەیان وەزیر دەولە هەبوون، تەنێ بۆ قایلکردنی فلانە سەرۆکجاش و ئەم سەرۆکخێڵ و ئەو نۆکەر و ئەو سەرۆک حیزبی کارتوونی و بۆ ڕاگرتنی دڵی ئەوان بوون. ئەمانەی هەرێمیش ڕێک بەرانبەر ئەوانەن و هەر بۆ ئەوە دانراون تا فلانە سەرۆک حیزب، یا دەستە، یا گرۆ دڵی لە خۆی دانەمێنێت و نەڵی بۆ فلان بووە بە وەزیر و من نەبووم! دانانی ئەو سەرۆکحیزب و نوێنەری دەستە و نەتەوەیە، بە وەزیری هەرێم، دەکاتە دەمکوتکردنیان و بێدەنگکردنیان. وەزارەتی هەرێم و وەزیری هەرێم لە ڕووی دەسەڵاتەوە، یەکسانن بە هیچ، بەڵام لە ڕووی پارە و مووچەوە، ئەوانیش وەک هاووەزارەت و هاووەزیرەکانی دیکەیان وان. هەندێک وەزارەت وەک: دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ و...هەریەکەو دوو وەزیری بۆ دانراوە، بە بیانووی ئەوەی، کە هێشتا ئەو وەزارەتانە نەبوونەتە یەک. بۆچی نەدەکرا هەر یەک وەزیر دابنرێ بۆ وەزارەتێک لەوانە و ئەوی دیکەیان وەک سێبەر و بێ ناو کاری کردبا! دەکرا ئەو 42 وەزارەتە لە 15-20 وەزارەتێکدا کورت کرابانەوە و 10-12 وەزارەتێکی بۆ پارتیی و یەکیەتیی بووایەن و ئەوانی دیکەیشی بە سەر تەواوی لایەنەکانی دیکەدا بەشرانەوە. زۆریی وەزارەت و زۆریی ژمارەی وەزیر، هیچ لە واقیعێکی ناجۆر و کارگێڕییەکی گەندەڵ و بیرێکی چەوت ناگۆڕێت، بەڵکە ژمارەیەکی دیکەی مفتخۆر و بەشیخەڵکخۆر و مشەخۆر، دەخاتە سەر ئەو ژمارەی، کە تا ئێستا هەبوو.

*****

هەر لە دوای پێکهێنانی کابینەی پێنجەمەوە"کاکە نێچیرڤان بارزانی خۆشەویستی هەموومانی..."، سروودێکە، چەندین جار لە کەناڵەکانی کوردستان تیڤی و زاگرۆسەوە لێ دەدرێتەوە و دەبیسرێ و دەبینرێ و وێنەی نێچیرڤان بارزانیشی لەگەڵدا بە هەموو جۆرێک پێشان دەدرێت. ئەگەر نێچیرڤان بارزانی و مەسعوود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و عەبدوڵلا ئۆیجالان و...خەڵکانی دیکەی وڵاتی کوردستان، ئاوڕێکیان لە سەددام حوسەین و شای شایان"شاهنشاه ئاریامهر" و چاوچێسکۆ و هیتلەر و ستالین و مۆسۆلینی و پینۆشێ و فرانکۆ و پۆڵپۆت و... ئەو هەموو سەرکردە و دیکتاتۆرانەی جیهان دابایەوە و لە ڕووخان و تێکشکان و دۆڕان و وەدەرنانیان لە دەسەڵات ڕامابان و بڕێک بڕوایان بە دیموکراتی و یەکسانی هەبووایە و خاک و گەل و وڵات و مرۆڤی کوردستانییان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دانابا و خۆیان پێ لە

خەڵکی کورد بچووکتر نەک زلتر بووایە، هەرگیز ڕێگەیان بە گورانیبێژ و نووسەر و هونەرمەند و تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و میدیا و "ڕۆشنبیر"ی خۆفرۆش و قەڵەمحیز و زوڕناژەن و ماستاوچی و کوژراوی پارە و چڵێس نەدەدا، پەسنیان بدەن و گۆرانی بە بالآیاندا بڵێن و وەک سوپەرمان و مرۆڤی نائاسایی پێشانیان بدەن و باسیان بکەن. هەر پێشتر و زۆر لە مێژە ئەو پێدا هەڵدان و گەورەکردنەوەیە لە وڵاتی ئێمەدا باو بووە و هەزاران خوێڕی و کاسەلێسش پێوەی لەوەڕاون و دەلەوەڕێن و گیرفانیان پێ پڕ کردووە و دەکەن، من لە ناوهێنانی ئەو سەرکردە بەڕێزانەی کورد خودانەخواستە چ مەبەستێکی خراپم نییە و نایانخەمە ڕیزی ئەو دیکتاتۆرانەی وەک سەددام حوسەین و شای شایان و چاوچێسکۆ و هیتلەر و ستالین و مۆسۆلینی و پینۆشێ و فرانکۆ و پۆڵپۆت و... بەڵام هەر بەرپرسێک یا سەرکردەیەک یا مرۆڤێکی خودان دەسەلات، ئەگەر خۆی بە مرۆڤ بزانێت و لەوە تێبگات، کە هیچ دەسەڵاتێک تا سەر بۆ کەس نییە و مرۆڤ هەموو یەکسانن و چ جیاوازییەک لە نێوان کەسێک و کەسێکی دیکەدا نییە و زانیاری و هۆشیاری و جوامێری بەوە نییە، کە مرۆڤ دەسەڵاتدار و دەوڵەمەند بێت، ئەوا هەرگیز بەو پەسن و پێداهەڵدان و پێداهەڵگوتنە، دڵخۆش نابێت، بەڵکە بە پێچەوانەوە دژی دەبێت و ڕێگەی لێ دەگرێت و دەمی ئەو مشەخۆرانەش دادەخات. گەورە و ڕێبەر و سەرکردە و دەسەڵاتدار و بەرپرس، گەرەکە خزمەتکاری خەڵک بێت"سیدالقوم خادمهم". پەسن و پێداهەڵدان و پێداهەڵگوتنی دەسەڵاتدار، دەکاتە کەسپەرستیی و چێکردنی دیکتاتۆر.

2006-5-12